

# کەرەستە بیٚ بایەخەکان خۆیان نمایش دەکەن...

## سیٚیەمین پیٚشانگەی تایبەتی "ناهیدە سدیق"

ئا: کامەران

سەرلە ئیٚوارەی 7/10 لە گەلەری مۆزەخانەی سلیٚمانی سیٚیەمین پیٚشانگەی تایبەتی ناهیدە سدیق کرایەوە ،لەم پیٚشانگەیەیدا هونەرمەند هەولٚی دابووجاریٚکی ترو بەشیٚوازیٚکی جیاوازتر ئەو کەرەستە بیٚ بایەخانەی ژیانی ڕۆژانە نمایش بکاتەوە ،کەڕەنگە بیری هونەرمەندنەبیٚت کەم کەسی تر ئەندیٚشەی بۆلای ئەو شتانە بڕوات ،دۆزینەی ئەم کەرەستانەو نمایشکردنی بەو شیٚوازە ڕویەکی حەقیقەتی ئەو کەرەستانەمان پیٚنیشان ئەدەن لەژیانی مرۆڤدا ،جگەلەوەی ئەو پاشماوەو کەرەستانە لای هونەرمەند دیویٚکی جیاوازتریان هەیە، لەوشتانەش قوتوی بیبسی وبوتڵی ئاوکە هەریەك لەم دوکەرەستەیە بە شیٚوازیٚکی جیاوازبوبونە پەیکەرو هەریەکەیان فۆڕمانتیٚکی جیاوازیان خولٚقاندبوو،بەتایبەتیش دانانی قوتوەکان لەچەند فیگەریٚکداو لەشیٚوەی کاری پەیکەرسازی کە هەردانەیەکیان تەواوکەری ئەوی تریانە،گەرقوتوی یەکەم ڕوخساری مرۆڤیٚك پیشان بدات کەمانچە دەژەنیٚت ئەوالەدوەمیاندا هەمان قوتوو پیاویٚك بیردەکاتەوەو لەسیٚیەمیاندادەمی داخراوەو لە چوارەمیاندا کلاٚویٚکی دەرچونی قوتابیەکی زانکۆی لەسەردایەو........هتد ،ئەمە جگە لەو دەبە بەتالاٚنەی ئاو کەبایەخیٚکی گەورەی هونەریی پیٚدابون کە دواجاروبونە فیگەری جەستەی مرۆڤ ،ئەم بایەخەش سەرەتاترین گوزارشتی گەڕانەوەی بەهایە بۆئەو کەرەستانەی کەڕۆژانە بەکاریدەهیٚنین و جاریٚکی ترهونەرمەند بە شیٚوازیٚکی جیاوازتر ئیشی لەم کەرەستە گرنگانەدا کردوەتەوە...

ئەهمیەتی قوتو چیە ؟ بۆچی لەم پێشانگەیەدا ئەمەندە گرنگی پێدراوە ؟ سەبارەت بەمە ناهیدە سدیقی هونەرمەند دەڵێت "پرسیارێکی بەجێیە ،دیارە ئەمەش لەئەنجامی بیرکردنەوەیەکی زۆرەوە ئەوسا ئەم بابەتەم هەڵبژاردوە بۆکارکردن ،زۆرجاربیرم کردوتەوە بۆچی ئێمە لەکاتی خواردنەوەی ئەو ساردیەدا یان ئەو ئاوەدا ئەمەندە بە بێ نرخی قوتو دەبەکە فڕێدەدەین ،ئیشکردنی من لێرەوە دەست پێدەکات کە حورمەت بۆهەموو ئەو شتە پەراوێزانە بگێڕمەوە بە بینەربڵێم هەموو شتەکان ڕۆحیان تێدایە هەمویان ئیحان بۆژیان،ئەوەی ئێمە فڕێیدەدەین خاوەن چیرۆکێکی ترە ،بەڵام ڕەنگە نەتوانێت گوزارشتی لێبکات، من هاتوم جارێکی تر وشەم بەخشیوەتەوە بە دەبەو قوتوەکانم ئەوەتا ئێوەدەیبنن ئەوان خۆیان گوزارشت دەکەن،لە وەڵامێکی تری کە ئایا بۆچی زۆرێك لە فیگەرەکان عازفن و عەزف دەکەن ؟؟هونەرمەند وتی :ئەم پرسیارەشت پەیوەستە بەوی تریانەوە ڕێگەم بدە کرۆکی ئەمەشت بۆباسبکەم ،من وەك وتم من گویێم بۆچیرۆکی ئەو کەرەستانە گرتوە ،ئێوەش دوای بینین هەستان بەو چیرۆکە کرد بۆیە ئەو پرسیارەتان کرد،من دەمەوێت بڵێم زۆرجارکەسی شیاو هەیە کەسی داهێنەر هەیە بەڵام لێرە پەراوێزدەکرێت و هیچ گوێی پێنادرێت بەڵام ئەمەش بۆخۆی گرفتێکی تێدایە کەئەویش ئەوەیە بەردەوام بەهەموو کەرەستەی هونەریی لەئەنجامی ئەو پەراوێزکردنەوە گەشە دەکەن و تۆوی داهێنانیان تێدا



چرۆدەکات،سەبارەت بە دیدی ڕەخنەگران و بینەران ئەو وتی: سەرەتا زۆرقەلەق بوم لەم کارە هونەرییەم ،بەڵام زۆرم پێخۆشە کەزۆرێك لە هونەرمەندانی دیارو زۆرێك لەبینەران بەجدیەوە لەم کارەی منیان ئەڕوانی ،ئەمە تۆزێك لەو قەلەقیەی منی کەمکردۆتەوە، جگە لەتۆش چەندین هونەرمەند ئەم گفتوگۆو پرسیارانەیان لەگەڵدا باسکردوم ئەمەش بەڵگەیەکە لەسەر کارو ئەزمونە هونەرییەکەم ..

ناهیدە سدیق دەرچوی بەشی شێوەکاری پەیمانگەی هونەرەجوانەکانەو تائێستا بەشداری زیاتر لە (30پێشانگە) ی هاوبەشی کردوە لەشارەکانی کوردستان و جگەلەم پێشانگەیەشی دوو پێشانگەی تری کردۆتەوەو ئەمە سێیەمین پێشانگەی تایبەتیەتی ..